كۆچی مەسیحیەکان بۆ کوردستان:

## سەردەستەی گروپێکی تیرۆریستی: یان دەبی ببنە ئیسلام یان دەبی کچەکەی خۆتانم بدەنێ

**بەدواداچوون: کەریمۆک**

ڕەوشی خواروی عیراق بەرەو ئالۆزیەکی بێ ئاسۆ هەنگاو دەنێ دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەو پەڕی نالەباریدا دەگوزەرێن، مەسیحیەکانیش بەدرێژایی مێژووی ستەمدیدەیی عیراق قوربانی سەرەکی بوون، هەم بەهۆی جیاوازی ئایینەوە لەلایەک و بەهۆی کەمینیەوە لەلایەکەتر.

بۆ بەدواداچوونی پرسی کۆچی مەسیحیەکان لەخواروی عیراقەوە بۆ کوردستان و ناوچەکانیتر بۆچوونی چەند لێەنێکمان وەرگرت، سەرەتا هاولاتی مەسیحی (هاوژین سلیوە عیسا) کەدانیشتووی گوندی هەرمۆتەیەو خوێندکاری نامەی ماستەرە لەزانکۆی کۆیە، بەمشێوەیە لەبارەیەوە دوا "گوندی هەرمۆتە یەکێکە لەو گوندە کۆنانەی کوردستان، کەهەر لەفتوحاتی ئیسلامیەوە ئەو گوندە بوونی هەبووە، زیاتر لە2000 ساڵە ئێمە لێرەین و دانیشتوانەکەی بەکاری کشتوکالیەوە خەریکبوونە، لەپێشدا دانیشتوانی هەرمۆتە 50 تا 60 ماڵ دەبوون، چونکە ناوچەکە هەر بژێوی ئەوەندەی دەدا. بۆیە زۆر لەخەڵکەکەی کۆچییان کردووە بۆ شوێنەکانیتری عیراق وەک عەنکاوەو کەرکوکو سلێمانیو بەغداو تەنانەت مەسیحیمان هەیە لەئورمیەی ئێران.لەدوای ڕاپەرینیش زۆرێک لەمەسیحیەکان کۆچیان کرد بۆ دەرەوە. پارەکە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوست) بلاویکردووەو دەڵێ 65 هەزار خێزانی مەسیحی لەسوریادا هەن.

بەلام دوای ڕووخانی سەدام ڕەوشی مەسیحیەکان لەخوارووی عیراق زۆر خراپ بوو. چونکە ژمارەیەکی زۆر لەمەسیحیەکانیان کوشت، یان دەیانبردنو بە چەند دەفتەرێک دۆلار ئازادیان دەکردن. ئێستا تیرۆریستەکان دەچنە سەر ماڵە مەسیحیەکان و پێیان دەڵێن " یان دەبی ببن بەئیسلام یان دەبی جزیەی بدەن" یانی دوو هەزار ساڵ چۆن بووە ئەوها. سەبارەت بەراستیو دروستی ئەم مەسەلەیە هاژین سلیوە زیاتر ڕوونیکردەوەو گوتی " بەلێ ئەمانە هەمووی ڕاستنو لەو ماوەیەدا سەردەستەی گروپێکی تیرۆریستی چوونەتە ماڵێکی مەسیحیو پێیگوتن یان دەبی ببنە ئیسلام یان دەبی پارەیەکی زۆر بدەن یان دەبی کچەکەی خۆتانم بدەنێ" هەروەها لەو نزیکانە قەشەیەکیان لەموسلێ کوشت. بۆیە ئێستا مەسیحیەکان بەلێشاو ڕوودەکەنە کوردستان، کەزۆربەیان دەچنە عەنکاوەی هەولێرو بەشکێشیان هاتونەتە هەرمۆتە، لێرەش کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیەو بەدوو سێ ماڵ لەیەک خانووی بچوکدا دەژین. گوایە 36 شوقە کراوەو دەدرێتە مەسیحیەکان بەلام تائێستا هیچ دیار نییەو بەبیانوی ئاو و کارەباوە هەر دوا دەخرێت.

(فەریدە شەمعون یوسف) دوای 35 ساڵ زیندەگی لەشاری بەغدا، ئێستا ئاوارەنەو ئەوە سێ ساڵە لەشارۆچکەی عەنکاوە خۆیو کچێکی کەمامۆستایە لەخانوویەکی کرێ دەژین، بۆ سەردانی خوشکێکی هاتبووە هەرمۆتەو سەبارەت بەچۆنیەتی دەرکردنیان گوتی: " ئێمە لەترسان هاتینە کوردستان، ڕۆژێک سارۆخێک لەنەخۆشخانەکەی تەنیشت ماڵی ئێمەیداو هەموو پەنجەرکان شکانو دارو دیوار بەسەرماندا ڕووخا، ئێمەش لەترسان هەموو شتێکمان بەجێهێشت و ڕامانکردە کوردستان".

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەروەها (شیرین شمعون)یش کەخوشکی فەریدەیەو خێزانی یەکێک لەو ماڵە ئاوارانەیە کەلەبەغداوە رایانکردۆتە کوردستانو ئێستا لەگوندی هەرمۆتەدا لەخانویەکی خۆیان کەمیراتی هەشت کەسانە ژیان بەسەر دەبن، ئەویش گوتی"ئێمەش کەلەبەغدا رامانکرد هیچمان لەگەڵ خۆمان نەهێنا، ئێستا پیاوەکەم بەرۆژانە کار دەکات". سەبارەت بەچۆنیەتی ژیانی ئێرەیان گوتی وەزعمان هیچ باش نییە، ئەوەتە لەناو ئەو خانووە خراپەدا دەژین کەلەبەر مشک ئیستراحەتمان نییە.

یەکێکیتر لەو خێزانانەش کەماوەی ساڵێکە لەبەغداوە رایانکردووە بۆ کوردستانو ئێستا لەهەرمۆتەدا دەژین، کەچووینە ماڵەوە (ترێزیە) بەروویەکی خۆشەوە فەرمووی لێکردنو گوتی " خانوویەکی دوو قاتمان لەبەغدایێ هەبوو، بەهۆی خراپی زروفی ئەوێ، هەموو ماڵو حاڵمان بەجێهشت و رامانکردە ئێرە، ئێستا چەند کورێکم لەهەولێرێ لەعەنکاوەی دەخوێندو بەحەوت وەرقە خانوومان بۆ بەکرێ گرتوون، لێرەش من و پیاوەکەم و سێ منداڵێتر لەیەک ژووردا دەژین. کەئەوانیش لەهەولێری دەگەڕێنەوە دەبینە 12 سەر خێزان لەیەک ژووردا". دواتر ترێزیە خان باسی خراپی رەوشی بەغدایێ و چوونە سەرماڵ و تیرۆریستەکانی بۆ کردین و گوتی "تیرۆریستەکان کوڕی شوبرایەکمیان فڕاند، تاچوار دەفتەرو نیو دۆلارمان نەدانێ بەرەڵایان نەکرد. دواتر ماڵەکەشیان سوتاند". لێمانپرسی کێ بوون ئەو پارەیان وەرگرت؟ ئەویش بەو پەری سادییەوە گوتی ئەمن نازانم کێ بوون، خۆ هەزار نەوعن، عارب بوون، جەماعەتی ئیرهابی بوون، هی موقتدا بوون، نازانم نا کێبوون.

دوای خستنەرووی راوبۆچوونی مەسیحیە ئاوارە گەڕاوەکانی هەرمۆتە، پێمان باشبوو، سەردانی (کوردۆ عومەر عەبدوڵڵا) قائمقامی کۆیە بکەین و لێی بپرسین سەبارەت بەکۆچی مەسحیەکان چی دەڵێن و چیتان بۆ کردوون، لەوەڵامدا کوردەخان گوتی " دڵخۆشین بەگەڕانەوەی ئەو مەسیحیانە بۆ شاری کۆیەی زێدی باب و باپیرانیان، ئێمە بەبەشێک لەخۆمانیان دادەنێین، چونکە ئەوانیش خۆیان بەکورد دەزانن، بۆیە لەسەرمانە خزمەتیان بکەین. هەروەها ئێمە وەک دامو دەزگا حکومیەکانی کۆیە زۆر گرانگیان پێدەدەین و لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە ئاگادار کراوین کەبەهەموو شێوەیەک هاوکاریان بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش لەشاری کۆیە تەنها 36 شوقە کراوە، کەچی بەفەرمانی مام جەلال دەیدەن بەوان".

سەبارەت بەوەی خەڵکی کۆیە دڵتەنگ نابن بەپێدانی ئەو شوقانە بەوان لەکاتێکدا ئەوان کەمینەیەکن لەکۆیەو خەڵکێکی زۆر پێویستیان بەخانوو و شوێنی نیشتەجێبوونە، ناوبراو گوتی "بەڵام ئەوانیش هەر کوردن، خەڵک گلەیی و گازەندە دەکات کەمن سەدا سەد لەگەڵیانم، بەڵام 36 شوقەش دەردی ئێمە دەرمان ناکات، بیدەینە هەر چین و توێژێک چین و توێژێکیتر مەغدور دەبێ. تۆ تەماشاکە کۆیە 730 شەهیدی هەیە، زیاتر لە1600 ئەنفالی هەیە. هەروەها فەرمانبەرو مامۆستایەکی زۆری هەیە. 36 شوقە هەر چۆنێک دابەشی بکەی دادپەروەری تێدا نابێت.

kerimokc@yahoo.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image